نزا ودۆعای مسوڵمان بۆ برای مسوڵمانی لە کاتی ئامادە نەبوونی براکەی؛ وەرگیراوە

لە ئوم دەردائـ وئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نزا ودۆعای مسوڵمان بۆ برای مسوڵمانی لە کاتی ئامادە نەبوونی براکەی؛ وەرگیراوە، لە لای سەری فریشتەیەک وەستاوە وسپاردەکراوە هەر نزا ودۆعایەکی خێر بۆ براکەی بکات، ئەو فریشتە دەڵێت: ئامین، هەمان داوایش بۆ تۆیش بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە نزا ودۆعای مسوڵمان بۆ برای مسوڵمانی وەرگیراوە لەکاتێکدا ئەو ئامادە نییە؛ چونکە نزیکترە لە دڵسۆزی، لە لای سەری نزاکار فریشتەیەك هەیە سپێردراوە هەرکاتێك ئەو مسوڵمانە نزا ودۆعای خێر بۆ برایەکی بکات، ئەو فریشتە سپێردراوە دەڵێت: ئامین وبۆ تۆیش بە هەمان شێوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3219